scottish refugee council

# زێدەکردنی یەکێ لە خزمانی گەورەساڵ بە پشتگیریی پەنابەریەتی خۆتان - ریزبەندی بەڵگەکان

ئۆکتۆبری 2010

Kurdish Sorani

ئەگەر ئێستاکە پشتگیریی پەنابەریەتی (NASS پێشوو) لە وەزارەتی ناوخۆ (فەرمانگەی کاروباری سنوورەکانی یەکیەتی پاشایەتی) وەردەگرن و هاوسەر، شوو یان هاوژینتان پێوەندی کردووە بە ئێوەوە لە سکۆتلەندا، رەنگە زێدەکردنی ئەوانە وەکو یەکێک لە خزمانی گەورەساڵ بە پشتگیرییەک کە وەریدەگرن، ئیمکانی هەبێت.

بەوەشەوە، بە مەبەستی زێدەکردنی خزمێکی گەورەساڵ بە پشتگیریی پەنابەریەتی، وەزارەتی ناوخۆ ئێوە مەجبوور دەکات کە هەندێ بەڵگەی تایبەت پێشکەش بکەن. داواکاریگەلێ کە بێ ئەم بەڵگانە پێشکەش بکرێن، بە ئەگەرەوە قبووڵ ناکرێن.

کاتێک ئەو بەڵگە و زانیاریە ئاماژەپێکراوانەی خوارەوەتان دابین کرد لەگەڵ بەدەستەوە بوونی ئەوانە سەردانی نووسینگەی ئێمە لە ئەنجومەنی پەنابەریەتی سکۆتلەند بکەن تاکو کاتێکی پێراگەیشتن بە داواکاریەکەی ئێوە رێکخەین.

سەرنج بدەن کە زێدەکردنی خزمێکی گەورەساڵ بە پشتگیریەکەی ئێوە بە واتای زێدەکردنی ئەوانە بە داواکاریی پەنابەریەتی ئێوە **نییە**. سفارشتتان دەکەین کە هەموو کاتێ ئەم جۆرە بابەتانە لەگەڵ پارێزەری خۆتان بهێننە ئاراوە، لەبەر ئەوەی کە گۆرانی هەلومەرجی خێزان **رەنگە** کاریگەری هەبێت لەسەر دۆسیەی کۆچبەریی ئێوە.

## ریزبەندی بەڵگەکان

ریزبەندی خوارەوە یارمەتی ئێوە دەدات بەڵگە پێویستەکان بۆ داواکاریی خۆتان دابین بکەن. کاتێک سەرلەنوێ سەردانی نووسینگەکەی ئێمە دەکەن، تا دەکرێت، زۆرترین بەڵگەی مومکین لە هەر دەستەیەکتان لەگەڵ بێت تاکو بەختی قبووڵ کردنی داواکاریەکەی ئێوە برواتە سەرێ.

## پەنابەریەتی

بەڵگەیەکی پەسەندکردنی ئەوەی کە ئێوە و هاوژینەکەتان لە یەک داواکاریی پەنابەریەتیدا تۆمار کراون، وەک:

- ☐ کۆپیەک لە هەرجۆرە زانیاریی نوێی پێشکەش کراو لەلایەن پارێزەری ئێوەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ئێوە و هاوژینەکەتان بۆ زێدەکردن لە یەک داواکاریی پەنابەریەتیدا تۆمار کراون
- ☐ کۆپیەک لە داواکاریی میرات کە میراتداران تیایدا ئاماژەیان پێکرابێت و پێوەندی ئێوە لەگەڵیان نووسرابێت
- ☐ کۆپییەک لە دیمانەی پەنابەریەتی/سکرینینگی ئێوە یان هاوژینەکەتان کە ناوی کەسێکی تر تیایدا نووسرابێت

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639

**پێوەندی**

- ☐ ئەگەر هاوسەرتان هەیە، کۆپییەک لە بەڵگەی هاوسەرێتیتان

- ☐ ئەگەر سەڵتن، بەڵگەیەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ئێوە و هاوژینەکەتان بۆ ماوەی **دوو ساڵ لە سێ ساڵی رابردوو** پێکەوە ژیاون، وەک:

  - o پەڕاوەی ئیمکاناتی ئاسوودەیی (کارەبا، ئاو) بە ناوی هەردووکتانەوە
  - o ئەو نامانەی کە لە رێگای وەزارەتی ناوخۆوە (UKBA) بۆ ئێوەو هاوژینەکەتان نێردراوە
  - o نامەگەلێک لەلایەن پاریزەرەکەی ئێوەوە
  - o نامەیەک لەلایەن پسپۆڕێکی پزیشکی

- ☐ کۆپییەک لە ناسنامەی منداڵەکەتان کە پەسەندی دەکات ئێوە و هاوژینەکەتان **دوو ساڵ لە سێ ساڵی رابردوو** پێکەوە ژیاون

**کار**

ئەگەر هاوژینی ئێوە بە شێوەی یاسایی و **بە** مۆڵەتی دەوڵەتی یەکیەتی پاشایەتی کاری کردووە، ئێوە دەبێت ئەو بابەتانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

- ☐ ریزبەندێکی نووسراوە لە هەموو خاوەنکارەکانی پێشوو بە ریزی کاتیەوە بەجۆرێ کە سەرەتا دوایین خاوەنکار بنووسرێت

- ☐ سێ پەڕاوەی مووچەی مانگانەی پێشوو یان پەڕاوەکانی 12 حەوتەیی بریتی لە تایبەتمەندیەکانی خاوەنکار

- ☐ P45 یان دیکەی ئەو نامانەی پەسەندکردن کە خاوەنکار، کۆتایی کار ئەوانەی پەسەند کردووە

- ☐ ژمارەی ئینشورانسی نیشتمانی

- ☐ بەڕوارەکانی کارکردن

- ☐ جۆری کارێ کە کردوویانە

ئەگەر هاوژینی ئێوە **بێ** مۆڵەت لە دەوڵەتی یەکیەتی پاشایەتیدا کاری کردووە، ئێوە دەبێت ئەو بابەتانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

- ☐ ریزبەندێکی نووسراوەیی لە هەموو خاوەنکارەکانی پێشوو بە ریزی کاتیەوە

- ☐ بەڕوارەکانی کارکردن

- ☐ جۆری کارێ کە کردوویانە

ئەگەر هاوژینی ئێوە **قەت** کاری نەکردووە، ئێوە دەبێت ئەو بابەتانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

- ☐ هەندێ شرۆڤە لەسەر ئەوەی کە چۆن لە یەکیەتی پاشایەتیدا پشتگیریی کراوە
- ☐ نامەگەلێ لەلایەن هەواڵانێ کە لەو پشتگیریان کردووە بە ئاماژەکردن بە نێوەڕۆک و ماوەی پشتگیریی و هۆی ئەوەی کە بۆچی نەیانتوانی درێژە بدەن بە پشتگیرییەکەیان

**ناونیشانەکانی پێشوو**

- ☐ ریزبەندێکی نووسراوەیی لە ناونیشانەکانی پێشوو لە نێو سنووری یەکیەتی پاشایەتیدا کە هاوژینی ئێوە لەوێ ژیاوە، بە ریزی کاتیەوە بە جۆرێ کە سەرەتا دوایین ناونیشانی لە یەکیەتی پاشایەتیدا بنووسرێت
- ☐ هەندێ شرۆڤە لەسەر خاوەنداری هەر موڵکێک و دان یان نەدانی پارەی کرێ

**حەسێبی بانکی**

- ☐ ریزبەندی حەسێبی بانکی تەواو و بەڕۆژی ئەو شەش مانگەی دوایی پێوەندیدار بە **هەموو** حەسێبە بانکیەکانی ئێوە یان هاوژینەکەتان
- ☐ هەندێ شرۆڤەکاریی نووسراوە لەسەر هەڵمەتی جێبەجێ کردنی حەسێبی گەورە وەک گواستنەوەی پارە لە نێوان حەسێبەکاندا
- ☐ نامەگەلێک لەلایەن ئەوانەوە کە پارەیان خستووەتە حەسێبی ئێوە بۆ پەسەندی ئەوەی کە ئەوان ئەو برە پارەیان رژاندووەتە حەسێب
- ☐ نامەگەلێک لەلایەن کەسانێ کە پارەتان خستووەتە حەسێبیان، بۆ پەسەندی ئەوەی کە ئەوان ئەم پارەیان لە ئێوە وەرگرتووە
- ☐ نامەیەک لەلایەن بانکی ئێوە لە یەکیەتی پاشایەتیدا بۆ پەسەندی داخرانی حەسێبەکانی پێشوو

**خاڵی گرنگ:** ئەو نامانەی کە پێشکەشیان دەکەن دەبێت بە زمانی ئینگلیزی بن. بەوەشەوە، ئەگەر نووسەری نامە ناتوانێت بە زمانی ئینگلیزی بنووسێت، پێشنیار دەکەین ئەو/ئەوان لەگەڵ خۆتان بهێنن بۆ دانیشتنی لێکدانەوە تاکو بۆ نووسینی نامەکەی ئێوە یارمەتی ئەو/ئەوان بدەین.

ئەگەر ناتوانن بە زمانی ئینگلیزی بنووسن، دەتوانن ریزبەندی ناونیشانەکان و شوێنەکانی کاری ئاماژەپیکراو لەم نامەیەدا بە زمانی خۆتان (کوردی) بنووسن.

کاتێک دێنە نووسینگەی ئێمە، **دەبێت** هەموو بەڵگە پێوەندیدارەکانی ریزکراو لە سەرەوە کە پێوەندییان بە ئێوەوە هەیە لەگەڵ خۆتان بێنن، بەپێچەوانەی ئەوە، ئێمە ناتوانین بۆ قبووڵکردنی داواکاریەکەی ئێوە یارمەتی بدەین.

Scottish Refugee Council, 5 Cadogan Square, (170 Blythswood Court), Glasgow G2 7PH Tel: 0141 248 9799, Fax: 0141 243 2499,
www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council is a charity registered in Scotland.
Registered Charity: SC008639